# ڕۆڵی ژن لە ڕادیۆ کوردییەکاندا
# "بێژەری وەک نموونە"

## توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ ڕادیۆییەکانی

## (دەنگی کوردستان، ڕادیۆی زاگرۆس)

**د. شیلان یاسین خدر**
مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین
shelan.khidhir@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و کاریگەری و پێگەی ژنی کورد لە بواری ڕاگەیاندن دا، بە تایبەت لە ڕادیۆ کوردییەکاندا و پیشەی بێژەری بە نموونە وەرگیراوە. جا بۆیە، ئامانج و ئەوەی زیاتر هاندەر بووە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە: ئایا ژنانی کورد لە دەزگا ڕادیۆییەکانی کوردستان ڕۆڵیان لە چ ئاستیکدایە؟ توێژینەوەکە لە دوو بەشی تیۆری و یەک بەشی پراکتیکی و لە کۆتاییشدا ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان پێکهاتوون. لە ڕووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، جۆری ڕێبازی ڕووپێوییە، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە (دەنگی کوردستان و ڕادیۆ زاگرۆس). **لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە و گەڕانەوەی فۆڕمەکانی ڕاپرسی و وەڵامەکانیان گەیشتینە چەند ئەنجامێک، لەوانەش:**

**١- بێژەرانی ژن، ڕەگەزێکی سەرەکی ڕادیۆن و بە نەبوونی ژنانی بێژەر ڕادیۆ وەکوو شەکەت و جەستەیەکی بێ ڕۆح وایە.**

**٢- بێژەرانی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرینەیان گەنجن و بە ئارەزووی خۆیان هاتوونەتە ئەم بوارە.**

**وشە سەرەکییەکان:** ژن، ڕادیۆ کوردییەکان، بێژەری ڕادیۆیی.

**پێشەکی:**

دوای خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بووە هەوێنی دەسکەوتی مەزن، کورد لە ماوەیەکی کەمدا بووە خاوەنی زۆرترین دەزگای ڕاگەیاندنی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) بەڵام ڕادیۆ، هەمیشە بە پێویستییەکی سەرەکی بواری ڕاگەیاندن ئەژمار کراوە و تاکوو ئێستاش لە سەردەمی زیرەکی دەستکرد، ڕادیۆ گرنگی تایبەتی خۆی لە دەست نەداوە و هەر ماوە. جا دەزگای میدیایی بیستراو مەبەست (ڕادیۆ)یە بۆ بەردەوامی و کار کردنی ڕۆژانەی پێویستی بە ڕەگەزی ژن هەبووە، هەر ئەمەش وای کرد ژنگەلیک ڕووبکەنە ئەو بوارە و کاری تێدا بکەن. بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت، کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای ژن هەبووە بۆ بەشداریکردن و کارکردن لەو دەزگایە، لەوانەش: لە هەموو کۆمەڵگە باوک سالارەکاندا جۆرێک لە تێڕوانین زاڵە بەسەر تاکەکانیدا، بە تایبەتیش بۆچوونی هەندێک لە پیاوان سەبارەت بە ژن، کە پێیان وایە ژن ناتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر بگێرێت، یان پێیان وایە ژن بوونەوەرێکی لاوازە. هەر بۆیەش دەبینین بێژەری بووەتە سەرەکیترین کاری ژنەکان. بەڵام ئەوەی توێژەر دەیەوێت لەم توێژینەوەیەدا بیخاتە ڕوو ئەوەیە: ڕۆڵی ژن لە ڕادیۆ کوردییەکان زەق بکاتەوە و بزانی تا چەند وەکو پێویست بایەخ بە بێژەری دراوە. ئامانج لەو توێژینەوەیەش کردنەوەی دەرگایەکی دیکەیە لە ڕاگەیاندنی کوردی و ئەوەندەی توانا هەبووە بەکار هێنراوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و هەڵدانەوەی پەردە شاراوەکان. پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە. بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ، بەشی دووەم: لایەنی تیۆرییە و باسکردنی بوونی ژن لە ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی بەشداریکردنی ژن لە بواری ڕاگەیاندن، کارکردنی لە ڕادیۆ کوردییەکان، دواتریش بێژەر، پێناسەی، تایبەتمەندی، مەرجەکانی سەرکەوتنی باس کراوە. بەشی سێیەمی توێژینەوەکە: لایەنی پراکتیکی دەگرێتەوەو ڕاپرسی کراوە لەسەر ژنانی بێژەر لە ڕادیۆکانی (دەنگی کوردستان، ڕادیۆ زاگرۆس) و پاشان خستنەڕوو

و شـیکردنەوەی زانیـارییە تایبەتییەکـانی نمـوونەی لێکـۆڵینەوە و ئەنجـامی ڕاپرسی و خشتە و هێڵکاری خراوەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە**

**١-١ کێشەی توێژینەوە:** کێشـەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە: ئایا ژنانی کورد لە دەزگا ڕادیۆییەکانی کوردستان ڕۆڵیان لە چ ئاستێکدایە؟ توێژەر لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی هەوڵی داوە ئەم بابەتە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە کێشەکە چارەسەر بکرێت.

**١-٢ ئامـانجی تـوێژینەوە:** توێژەر لەم توێژینەوەیەی چەند ئامانجێکی هەیە لەوانەش:

١- ئاشکراکردنی ڕۆڵی ژنانی بێژەر لە ڕادیۆ کوردییەکان.

٢- نیشـاندانی ڕۆڵـی ژن لە ڕادیـۆ کوردییەکـان و خسـتنەڕووی چەنـد خـاڵێکی گرنـگ، بـۆ زیـادبوونی ژن لەو بـوارە و پتـر بایەخـدان و بەهەنـد وەرگرتنی کارەکانیان.

**١-٣ بـایەخی تـوێژینەوە:** ئەنجامدانی توێژینەوە لەسـەر ڕۆڵـی ژن لە ڕادیۆ کوردییەکان بۆ ئەو قۆناغەی ئێستای ڕاگەیاندنی کوردی زۆر گرنگە. ئەو تـوێژینەوەیە بـایەخەکەی لەوە دایە، کە هەردوو شـێوازی تیـۆری و پراکتیکـی گیـراوەتە بەر، بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر تـوێژینەوەکە، گرنگییەکـی دیـکەی تـوێژینەوەکە لەوەدایە، کە دوو ڕادیـۆی (دەنگـی کوردسـتان، ڕادیـۆ زاگرۆس) کراوەتە بەشێک لە نموونەی توێژینەوەکە. بۆ خزمەتی ژن لەلایەک و لەلایەکـی دیکەشـەوە، خزمەتکردنـی زانسـت و کۆمەڵگـا و پێشخسـتنی ڕاگەیانـدنی کـوردی. لێـرەدا پێویسـتە تـوێژینەوەی زیـاتر بکرێـت بـۆ زیـاتر دەرخستنی بوونی ژن لە بواری ڕاگەیاندن.

**باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشـوو:** هەر توێژینەوەیەکی ڕاگەیاندنی پێشوو دەتوانرێت سوودی لێ وەربگرین، جێگای بایەخپێدانە، هەر توێژەرێک بگەڕێتەوە سەر نامەکانی ڕاگەیاندنی بێگانە و هەرێمایەتی و ناوخۆیی لەگەڵ

دیـارکردنی بابەتـەکانی دەتوانێـت سـوودی لـێ وەربگرێـت، بـە مـەرجێک بگونجێـت لەگـەڵ تـوێژینەوەکەی، دەسـت نیشـانکردنی گرنگـی بابەتەکـە و کاریگەری لەسەر ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و بەدیهێنانی.

**٢-١ تـوێژینەوەی یەکەم:** تـوێژینەوەی، (هەرمـن شـێرکۆ نصـرالله)، (٢٠١٥)، (فشارە پیشەییەکانی سەر ڕاگەیاندنکاری ئافرەت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە، پەیوەست بە ڕاگەیاندنکاری ئافرەت لە کەناڵە ئاسمانییەکان)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی فشارە پیشەییەکانی بەردەم ڕاگەیاندنکاری ئافرەت لە کەناڵەکان، ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە هۆی ئافرەتبوونیەوە. توێژەر (١٢) کەناڵی ئاسمانی، (١٤٦) ڕاگەیانـدنکاری ئـافرەتی وەرگرتـووە. بە چەنـد ئەنجـامێکی گرنـگ گەیشـتووە، لەوانەش: فشـارە پیشـەییەکان گۆڕانکارییـان بەسـەردا دێـت، بەگـوێرەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و داهـات و تەمەن و بـاری کـۆمەڵایەتی، سیاسەتی ئەو دەزگایەی کاری لێ دەکات.

**٢-٢ توێژینەوەی دووەم:** توێژینەوەی، (چیمەن محمد ڕەشید شەریف)، (٢٠٠٩)، (گرفتە پیشەییەکانی ژنانی ڕۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستان)، لەم تـوێژینەوەیەدا تـوێژەر دەستنیشـانی ئەو گرفـت و ڕێگـرییە خێزانـی و کۆمەڵایەتییانەی کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی ژنان هەیە. توێژەر میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، هەروەهـا فـۆڕمی ڕاپرسـی و چـاوپێکەوتنی بەکارهێنـاوە، کۆمەڵگـای ئەم توێژینەوەیە: بریتییە لە هەموو ئەو ڕۆژنامەوانانەی، کە ڕەگەزیان مێیینەیە و دانیشـتووی هەرێمـی کوردسـتانن، لە هەر سـێ پارێزگاکـانی هەولێـر و سلێمانی و دهۆک نیشتەجێن، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار دەکەن، هەروەها نمـوونەی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە (٣٩٠) ژنە ڕۆژنـامەوان لە سـەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و شارۆچکەکانی دەوروبەریان بە ڕێگای هەڕەمەکی سادە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەر پێیان گەیشتووە بریتین لە: ژنانی ڕاگەیاندنکار پێیانوایە کولتووری کۆمەڵگا کاریگەری هەیە،

دابونەریتیش ڕێگرە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەسوکار و بنەماڵە ڕێگری بکەن بە هۆی ئەو دابونەریتەی، کە کۆمەڵگا پەیرەوی دەکات.

**٢-٣ تـوێژینەوەی سـێیەم:** تـوێژینەوەی، (بەنـاز حەمەرەشـید، تەلار ئەحمەد مستەفا)، (٢٠١٦)، (پێگەی ژن لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)، ئەم تـوێژینەوەیە لەسـەر گرنگـی پرسـی جێندەر لە بەرنـامە گفتوگـۆ ئامێزەکـانی ئاسـتی سـێ کەنـاڵی ئاسـمانی کـوردی ئەنجامـدراوە، (ڕووداو، سـپێدە، کوردسات نیوز). توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، میتۆدی ڕووپێوییان بەکار هێناوە لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کەناڵ بە جۆرێک سـەرەتا ڕووپێـوی چەنـدێتییان لە ڕووی ڕێـژەییەوە کـردووە، دواتـر لێکۆڵینەوەیـان لەسەر دۆخـی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاستی بەڕێـوەبردنی ژنـانی ڕاگەیانـدنکار کـردووە. تـوێژینەوەکە تـوێژینەوەیەکی وەسفییە، هەوڵی داوە وەسفی ئاستەکان و ئاستەنگەکانی پێگەی بەڕێوەبردنی ژنـانی ڕاگەیانـدنکار بکـات لە دەسـتەی کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن. تـوێژەران لە کۆتاییـدا گەیشـتوونەتە ئەو ئەنجامـانە: کەمـی بەشـداری ڕەگەزی مێیـنە لە هەرسێ بەرنامەکانی (دەسـەڵاتی چـوارەم، لەگەڵ ڕەنج، مژار) بە بەراورد بە بەشـــداریی ڕەگەزی نێـــر و بانگهێشـــتکردنیان وەک بەرپرســـی بەش و لێپرسـراوێتی دامودەزگاکـان بە تـایبەت لە بەرنـامەی دەسـەڵاتی چـوارەم، کە هەلێکی زۆر کەم دراوە بە ژنان.

**باسی سێیەم: چـەمک و مەبەسـتی تـوێژەر لـەو چەمکانـەی کـە لـەم توێژینەوەیە بەکاری هێناوە:**

لـــەم باســـەدا تـــوێژەر هـــەوڵی دا بـــەپێی ناونیشـــان و ئامانجـــەکانی توێژینەوەکـە، چـەنـد چـەمکێکی زانسـتی و زاراوەی تیـۆری و کـارپایی بخاتـە ڕوو بــۆ پێناســـەکردنی چەمکـــەکان بـــەپێی پێویســـتییەکانی توێژینەوەکـــە و پێویستی مەنهەجی لەوانەش: (ژن، ڕادیۆ کوردییەکان، بێژەری ڕادیۆیی).

٣-١ چەمکـی ژن: بەکارهێنـانی زاراوەی ژن لە جیـاتی هەردوو زاراوەی (ئـافرەت یـان مـێ) لەوەوە هـاتووە، کە (زاراوەی (ژن) گشـتگیرە و لە وشـەی ژیـــنەوە هـــاتووە و هەڵقـــوڵاوی زمـــانی کـــوردییە، بەڵام زاراوەی ئـــافرەت

دەگەڕێتەوە بۆ زمانە بیانییەکان و هەندێک پێیان وایە لە وشەی (عەورەت)ی عەرەبییەوە هاتووە، هەندێکی دیکە دەیبەنەوە سەر وشەی (ئەفرۆدێت)ی یۆنانی). (عەبدول،٢٠٠٧، ١١) زاراوەی مێ زیاتر بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی (جێندەری) بەکار دەهێنرێت و جیاوازییە ڕەگەزییەکان زەق دەکاتەوە. بۆیە هەوڵمان داوە توێژینەوەکەمان لەو ئاستە بە دوور بگرین.

٣-٢ ڕادیۆ کوردییەکان: مەبەست لە ڕادیۆ کوردییەکان ئەو ڕادیۆیانە دەگرێتەوە، کە لە کوردستان و بە زمانی کوردی پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن، توێژەر مەبەستی ئەو ڕادیۆیانەیە، کە لە ناوخۆی کوردستان پەخش و بڵاو دەبنەوە. لەم توێژینەوەیە (دەنگی کوردستان، ڕادیۆ زاگرۆس) بە نموونە وەرگیراوە.

٣-٣ بێژەری ڕادیۆیی: ئەو کەسەیە، کە هەواڵ لە ڕادیۆ دەخوێنێتەوە و پێشکەش دەکات. هەر کەسێک، کە ئەو کارە ئەنجام بدات دەتوانیین پێی بڵێین بێژەر، بەڵام ئەو دەستەواژەیە زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە هەواڵ پێشکەش دەکەن. چونکە ئەوەی بەرنامە پێشکەش دەکات پێی دەگوترێت پێشکەشکاری بەرنامە.

پێناسەی ڕێکاری بێژەری ژن: مەبەست ئەو ژنانەیە، کە لە ڕادیۆکانی (دەنگی کوردستان و ڕادیۆ زاگرۆس) کاری بێژەری دەکەن.

پێناسەی ڕێکاری دەنگی کوردستان: لە (٢٨-ئەیلولی ١٩٦٣) لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول دامەزراوە. وەکوو دەنگی شۆرش لە شاخ پەخشی خۆی کردووە.

پێناسەی ڕێکاری ڕادیۆ زاگرۆس: ئەو ڕادیۆیە لە (٢١ی ئادار هاوکات لەگەڵ جەژنی نەورۆزی کوردان لەساڵی ٢٠٠٦)، دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی کردووە، سەر بە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (پ.د.ک.).

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە:

### باسی یەکەم: ژن و کارکردن لە ڕاگەیاندن:

**٢-١ -١ گرنگی ژن لە ڕاگەیاندنی کوردیدا:** ئەمڕۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن باڵا دەستییەکی تەواویان بەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی و جۆری

بیرکردنەوە و دابونەریتی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان هەیە، ئەو هۆیانە ڕۆژانە گەشەسەندنی پیشەیی و تەکنیکی، بە خۆیانەوە دەبینن و کاریگەرییان زیاتر دەبێت بۆ نزیک خستنەوەی کولتووری گەلان و هێنانەکایەی کولتوورێکی گشتی و سەرانسەری، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ڕەوشی ژن و بارودۆخی لەنێو کۆمەڵگەدا. ڕای گشتی خەڵک بە شێوەی زەق لەژێر کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندایە، بۆیە ڕاگەیاندن لەم پرسەدا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڕیار لەسەر وێنای ژن دەدات. چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن توانای زۆریان بە دەستەوەیە، کە دەتوانن لەسایەی ئەو توانایانەوە ئەگەر بە چاکترین شێوە بەکاری بێنن، بارودۆخی ژن بگۆڕن. هەروەک دەزانرێت، (ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتیشی هەیە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە، لە گۆڕینی بارودۆخی ژن، یان مەودای نێوان ئەوەی چاومان دەیبینێت و ئەوەی هەستی پێ دەکەین، کە هێشتان مەودایەکی زۆرە).(رمزی،٢٠٠١، ١٦٧). لەهەمان کاتدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن باوەڕیان وایە، کە ئەوان هۆکاری سەرەکی نیین لە پرسی ئەو پاشکۆیەتییەی، کە ژن گیرۆدەی بووە، (ڕاگەیاندنیش بە تەنها ناتوانێت بارودۆخی ژن لەو بوارەدا ڕاست بکاتەوە، چونکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک گرفت، کە لە بونیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەدا ڕیشەیان داکوتاوە. بارودۆخەکان لەو هەڵوێستانەوە سەریان هەڵداوە، کە فاکتەری شارستانی (العوامل الحضارية) دیارییان کردووە، کەواتە هیچ چارەسەرێک بۆ ئەو بارودۆخانە لە ئارادا نییە، ئەگەر گۆڕانکاریی ڕیشەیی ئەنجام نەدرێت) (خلود، ٢٠١٢).

**٢-١-٢ هۆکارەکانی بەشداریکردنی ژن لە بواری ڕاگەیاندندا:** لە دوای ڕاپەڕین چەند هۆکارێک هاندەربوون بۆ بەشداریکردنی ژن لە بواری ڕاگەیاندندا، لەوانەش:

١) بەر لە ڕاپەڕین هۆکاری سیاسی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، لە بەشدارینەکردنی ژن لە ڕاگەیاندندا، بە تایبەتی ئەو ژنانەی، کە توانایان

هەبوو لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاریان نەدەکرد، چونکە لە لایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە، سانسۆرێکی زۆریان دەخرایە سەر. جا بۆیە بەر لە ڕاپەڕین ئەستەم بوو ژن بێتە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە، چونکە کۆسپ و تەگەرەی زۆری دەهاتە بەردەم.

٢) زۆریی کەناڵ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. لەبەر ئەوەی بەر لە ڕاپەڕین ژمارەی کەناڵ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کەم بوو، دوای ڕاپەڕینیش ژمارەیان پەرەی سەند. هەریەک لەو کەناڵ و دەزگایانەش پێویستیان بە کارمەندی ژن هەبوو, بۆیە دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان لە کەناڵ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕەخسا.

٣) زۆربوونی ڕێژەی خوێندەواری لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕین هۆیەکی دیکەیە بۆ هاندانی ژن بۆ کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن و کردنەوەی بەش لە پەیمانگا و زانکۆکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، دەرگایەکی دیکەی بۆ ژنان کردەوە، کە ڕوو بکەنە ئەو بوارە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆ زۆر لەبارە و پتر بوار بۆ ژن ڕەخساوە، کە بێنە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە.

**٢-١-٣ ژن لە ڕادیۆ کوردییەکاندا:** ئەگەر بەراورد لە نێوان ڕادیۆ و بواری ڕۆژنامەوانیدا بکەین، ئەوا دەبینین ڕۆڵی ژن لە ڕادیۆ، هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی دیار بووە، (بە تایبەتی لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقادا، دەتوانیین ئاماژە بە دەنگە ناسراوەکانی وەکو ئایشەشان و نەسرین شێروان و مریەم خان...هتد بکەین) (کاکەسوور، ٢٠٠٤، ٨٧)، ئەوە وێڕای پەیدابوونی ژنی کورد لە بوارەکانی بێژەری و پێشکەشکردنی بەرنامەدا. لە ڕاستیدا گیروگرفتێکی گەورەی سەر ڕێگەی ژنی کورد لە کارکردنی بواری ڕادیۆییدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەت، بۆ نموونە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق ڕادیۆی شۆڕش بوو، لەناو چیا و ئەشکەوت بووە، کە ئەوەش دەرفەتی نەگونجاندووە بۆ ژنی کورد. وێڕای کەمی کاتی بەرنامەکانی. جگە لەوەی ئەو ڕادیۆیە بۆ هاندانی خەڵک و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پێویستی

بەدەنگی گڕی پیاوان هەبوو. (دوای ڕاپەڕین دەکرێ بڵێین هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن نەماوە ژن کاری تێدا نەکات. ئەگەرچی زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەو دەزگا ڕاگەیاندنانە کار دەکەن کەسانی پسپۆر نین هەروەک چۆن ئەو کێشەیە سەبارەت بە کارمەندە پیاوەکانیش هەمان شتە. لەوەش زیاتر دەتوانیین بڵێین بەشێک لەو ژنانە پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانی فیکرییەوە نییە). (ڕوانـدزی، ٢٠٠٨، ١٢٦). بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکان دەردەکەوێت، کە ئەوانە زیاتر هەلومەرجێک بۆ ئەو شوێنانەی بردوون، کە کەمتر پەیوەندی بە کارامەیی و لێهاتوویی ژنان لە ڕاگەیاندنەوە هەیە. بگرە هەلومەرجی ئابووری ڕۆڵی سەرەکی لەو هەڵبژاردنەدا هەیە. بەشێکی کەمیان نەبێت، کە سەرەڕای هەموو ئەو سانسۆرو پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتیانەش توانیویانە سنووری هەندێک لە قەدەغەکان ببڕن و لە گۆشەیەکی بچوکەوە، ئەگەر تارادەیەکی کەمیش بێ لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکاندا توانای خۆیان بە ڕەگەزی نێر و تەواوی کۆمەڵگە بناسێنن. بە گشتی ئەو ژنانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن، کەمیان هەیە باوەڕی بە داهاتووی کارەکانیان هەبێت. دەکرێ بڵێین ئەو ژنانەی کە لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن چەند جۆرێکن. هەندێکییان پیشەی ڕاگەیاندنیان کردۆتە هۆیەک بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیان و گوزەران. (ئەمە لە پیاوانیش بەدی دەکرێت)، کە دەگەن بە هەندێک پلەوپایە واز لە کاری ڕاگەیاندن دەهێنن. بەڵام هەندێک لەو ژنانە بواری ڕاگەیاندنیان کردووەتە ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەرگریکردن لە خواست و مافەکانی خۆیان. ئەوەش هیوایەکی گرنگ بووە بۆیان و هاندەریان بووە تا خۆیان بخزێننە ناو ئەو بوارەوە.

## باسی دووەم: ژن و بێژەری

**٢-٢-١ پێناسەکانی بێژەر:** ("بێژەر" ئەو کەسەیە، کە ئەرکی پێشکەشکردنی هەواڵ دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بێژەر" زیاتر لە ڕۆڵێک دەبینێت و پێی دەگوترێت قسەکەری ئەو شوێنەی، کە کاری تێدا دەکات). (الفهمي،٢٠٠٢، ١١٨-١١٩). بێژەر زیاتر بۆ مەبەستێکی دیارکراو بەکاردێت، ئەویش پێشکەشکاری هەواڵەکانە، لەگەڵ ئەو کەسە یەک دەگرێتەوە، کە

هەواڵ پێشکەش دەکات، لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەو بێژەرە تەنها خوێندنەوەی هەواڵەکانە.

**٢-٢-٢ بوونی ژن لە ڕادیۆ وەکو بێژەر:** ژن کاتێک لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا لە حاڵێکی باش و لە بواری سیاسیدا شوێن پلە و بەشدارییەکی ئەوتۆیان نەبێت، وەکوو بەشداریی پیاوان بێگومان لە بواری ڕاگەیاندن و بێژەرییش ناتوانن بەشدارییەکی کارا لە بوارەکەدا بکەن، ئەوەش هەم سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی و هەم کۆمەڵگاکانی دیکەش هەر ڕاستە. ئەگەر سەیری ڕادیۆ کوردییەکان بکەین و ئاوڕێک لە بێژەرانی ڕادیۆ کوردییەکان بدەینەوە. (یەکەمین ڕادیۆی کوردی لە (١٩ -١١-١٩٣٩) دەستی بە پەخشی خۆی کردووە). (سەپان و میخایلۆڤ، ٢٠٢٠ ، ٣٧)، ئەوەش بە چەندان ساڵ دوای ئەوە دێت، کە (یەکەمین ڕادیۆی عەرەبی لە شاری قاهیرەی میسر دامەزرا و لە عیراقیش یەکەمین پەخشی ڕادیۆیی بە زمانی عەرەبی لە (١- ٧- ١٩٣٦) بڵاوبۆتەوە، پەخشەکەی لە چەند شارێکدا سنوردار بووە و تەنها سێ کەس کاری تێدا کردووە، کاتێک دامەزراوە تەنها پێنج هەزار ئامێری ڕادیۆ لە هەموو عیراق هەبووە). (الدلیمی،٢٠٠٠، ١٢). (لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا لە ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٧٠)، تەنها ناوی یەک کارمەندی ئافرەت بە ناوی (نیهایەت جەمال) دەبینرێت لەو ساڵەشەوە تاکوو ساڵی (١٩٧٦) لە نێوان کارمەندی ڕەسمی و گرێبەستدا حەوت ئافرەت هەبوون لە ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٨٥) لە نێوان کارمەندانی ڕادیۆکەدا ناوی پێنج ژن دەبینرێت). (ردێنی، ٢٠٠٥، ١٣-١٦). (بەشی کوردی ڕادیۆی یەریڤانییش لە ئەرمەنستان، کە ساڵی (١٩٥٥) کراوەتەوە، لە نێوان کارمەندانیاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٥- ١٩٩١) ناوی تەنها چوار ژنی کورد دەبینرێت. بەشی کوردی ڕادیۆی قاهیرەش، کە ساڵی (١٩٥٧) دامەزراوە و دوای یازدە ساڵ لە کارکردن وەستاوە ناوی هیچ ژنێک بە دی ناکرێت، هەروەها لە ڕادیۆی کوردی تاران، کە لە ساڵی (١٩٥٨) دامەزراوە ساڵانی (١٩٦٢- ١٩٧٩) وەستاوە، پاشان دەستی بە پەخش کردووەتەوە تا ساڵی (١٩٨٠) تەنها ناوی یەک کارمەندی ژن لە نێو کارمەندەکان دەبینرێت، هەموو ئەو ژنانەش وەکوو

بێـژەر کاریـان کـردووە بە دەگـمەن یەک ژن دەبینرێـت بەرپرسـیارێتییەکی بچووکی پێ درابێت). (ردێنی، ٢٠٠٥، ١٣-١٦). لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە تاوەکوو ئێستاش بەشداری ژن زۆر کەمە لە بواری ڕاگەیاندن و بێژەری ژن بەراورد بە ڕەگەزی بەرامبەر ڕێژە و ژمارەیان کەمترە و دەکرێت زیاتر ژن هانبدرێت بۆ بەشداریکردنی لە بواری ڕاگەیاندن و بەتایبەت بێژەر کە دەنگ و سەدای ئەو ڕادیۆیەیە کە کاری تێدا دەکات.

**٢- ٢-٣ تایبەتمەنـــدییەکانی بێـــژەر**: لەبەر ئەوەی هەر کەسـێک تایبەتمەندێتیی تایبەتی دەنگی خۆی هەیە، بۆیە ئەوانەی لە ڕووی دەنگەوە لە یەکتری دەچن زۆر کەمن. کاتێک بێژەرێکی ڕادیۆیی بابەتێک دەخوێنێتەوە هەر کە دەنگی دەبیستین، ئەوا دەزانین ئەو دەنگە موڵکی کام بێژەر و لە کام ڕادیۆیە. ئەو ناسینەوەیەش لە ڕووی ئەندامەکانی دەنگی کە پێک هاتووە لە: (ناسکی، نەرمی دەنگەکە، دەنگی گڕ، دەنگی ئاست مامناوەند). هەندێ جار لە کاتی قسەکردنی مرۆڤ هەندێک وشـەی زیادە لە قورگەوە دێتە دەرەوە، بەتایبەت لەو کاتەی، کە مێشک بە دوای دۆزینـەوەی ووشـە یان دێڕێکی گونجاو دادەگەرێت، بۆیە دەبێت بێژەرەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابن، کە خۆیان بە دوور بگرن لەو دەستەواژانە و بێ (منگەمنگ) بێنە ئاخاوتن. (هەر بێژەرێک دەبێت بتوانێت تۆنی دەنگی خۆی پەروەردە بکات، لەبەر ئەوە پەروەردەی دەنگی بە ئەرکێکی هەرە سەرەکی بێژەری هەواڵ دادەنرێت. دەنگەکان هاوبەشن لە نێوان کەسەکان بەگوێرەی پەیژەکانی مۆسیقا و ڕۆڵی گرنگ دەبینن بۆ دەستنیشانکردنی جۆری بێژەرەکە و جۆری بەرنامەکە). (شەیدا، ٢٠٠٢، ٢٧). دەربارەی بێژەری کچ دوو جۆرە دەنگ هەیە، دەنگی ئاڵتۆ (ALTO) و دەنگی سۆپرانۆ (SOPRONO)، (مەنسور، ٢٠١٠، ٥٨)، ئەوانیش پابەندن بە تۆنەکانی ئەو کەسەی کە دەریدەکات، دەنگی (سۆپرانۆ) زۆر جار باشترە لەوەی، کە دەنگی ئاڵتۆ بەکار بێنی بۆ بێژەرە کچەکان، کە هەر ئەوەشیان بە باشتر دەزانێت بۆ خوێندنەوەی هەواڵ. لەبەر ئەوەی جۆرە ناسکییەک بە ژنەکە دەدات. هەمیشە دەبێت ئاگاداری ئەوەبن، کە ناکرێت دوو دەنگی جیاواز لە دوو تۆنی جیاوازدا پێکەوەیان دابنێین. لەبەر ئەوەی

جیاوازیی زۆر لە دەنگەکان دەبیَ ئەو کاتەش تەبەقەکان دەگۆڕێن. بێژەر دەبێت ئەوەندە شارەزاییەی هەبێت، کە کۆنترۆڵی تێکستەکەی بکات و بزانێت لە کویَ چۆن و کەی تۆنی دەنگی دەگۆڕێت. پرۆڤەکردن یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی چالاکیی بێژەرێکی چاک و سەرکەوتوو. جا بێژەر بە شێوەیەکی گشتی و بێژەری هەواڵ بەتایبەت دەبێت لە تەندروستیی ئەندامە دەنگییەکانی خۆی دڵنیابێت، کە بریتیین لە (سی، گەروو، قورگ، لووت، زمان، چەناگە، ددانەکان، پووک، لێوەکان) لێیان دڵنیابن (شوکری،٢٠١٠). ئەوەش لە ڕێگای پرۆڤەکردن و تۆمارکردنی دەنگی خۆی دەتوانێت دڵنیا بێت لێیان هەر بۆیەش لە کاتی وەرگرتنی بێژەر بەر لە هەموو شتێک تاقیکردنەوەی دەنگی پێدەکرێت، چونکە ڕەنگە لە کاتی قسەکردن ئەو کەموکوورییانە بە دەرنەکەوێت، بەڵام ئەم کەموکوورییە دەنگییانە لە کاتی هەواڵ خوێندنەوە بە دیار دەکەون. جگە لەوەی، کە بێژەر دەبێت کۆنترۆڵی دەربڕین بکات، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت لە کاتی خوێندنەوە کۆنترۆڵی دەمی خۆی بکات و زاڵ بێت. خوێندنەوەی پێشتر و بە دەنگی بەرز خوێندنەوە و شارەزابوون باشترین ڕێگایە بۆ ئەو مەبەستە.

**٢-٢-٤ کێشەکانی بێژەر:** بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە ئەمڕۆ میدیای جیهانی بەخۆیەوە بینیوە وای کردووە جەماوەریش هەست بەو گۆڕانکارییانە بکات و یەکێک لە کێشەکانی بێژەر بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، (وڵاتانی جیهانی سێیەم) ئەوەی کە زۆربەی بێژەرەکان دەرچووی هیچ بەش و زانکۆیەک یان پەیمانگایەک نیین، لە بواری ڕاگەیاندن زۆربەشیان تەنانەت خولێکی فێربوونیشیان لە بواری ڕاگەیاندن و بێژەری نەبینیوە. (بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەش پرۆڤەکردن چاکترین ڕێگەیە). (سالح و تەناهی، ٢٠٠٥، ٥٥). (یەکێکی دیکە لە کێشەکانی بێژەر ئەوەیە، کە تووشی دڵەخورپیَ و زۆر جاریش تووشی حاڵەتێکی دەروونی دێت، کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانی، ڕەنگە نەتوانێت درێژە بە کارەکەی بدات). (عبدالکریم، ٢٠٠٧، ١٠٢). ئەوەش زیاتر لەلای ئەو بێژەرانە هەیە، کە تازە بوونەتە بێژەر، یاخود تازە هاتوونەتە ناو بواری ڕاگەیاندن.

**٢-٢-٥ مەرجەکـــانی بێـــژەری ســـەرکەوتوو:** پێویســـتە بێـــژەری سەرکەوتوو چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی تێدا بێت، دەتوانین ئەوە بڵێین، کە هەر بێژەرێک توانا و ئەزموونێکی تایبەتی خۆی هەیە. کە ڕەنگە زیرەکایەتیی هەر بێژەرێک بەپێی ئاستی خۆی دیاری بکرێت، مەرجەکانیش هەر یەکە لە (جەبـاری و سـارمەمی) لە دوو سـەرچاوەی جیـا ئاماژەیـان بەم خـاڵانە کردووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە. (جەباری، ٢٠٠٩، سارمەمی، ٢٠٠٤).

١- بـڕوای بە خـۆی هەبێـت و خـاوەنی بەهـرە و توانـا و لێهـاتوویی سروشتی بیت.

٢- زمانێکی ڕەوان و پاراوی هەبێت و مافی تەواو بە دەربڕینی وشـە و دەستەواژەکان بدات.

٣- کەسێکی ڕۆشەنبیر و خوێنەرێکی بەردەوام بێت.

٤- لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە حەز و ئارەزووەکانی بیسەر بکات.

٥- دەنگێکی خۆش و بەهێز و هەناسەییێکی درێژی هەبێت.

٦- هەمـوو بەرنـامە و بابەتێک وەرنەگرێت تەنهـا ئەوە نەبێت، کە لەگەڵ ریتم و تۆنی دەنگ و خواست و تواناکانی دەگونجێت.

٧- بە مەشـق و ڕاهێنـانی بەردەوام گەشـە بە ریـتم و تۆنەکـانی دەنـگ بدات.

٨- پەلە نەکـات لە خوێنـدنەوەی هەواڵ و بابەتەکـان و دان بە بـڕگە و وشەکان دابنێ.

٩- بێـژەر نـابێ تەنیـا خـوێنەر بـێ، بەڵکـوو دەبێـت لە ئامـادە کـردن و دارشتنی بابەتەکان بەشداری بکات.

١٠- کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت چ لە ڕادیۆ و چ لە شوێنە گشتییەکان.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

### باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**یەکەم: جـۆر و ڕێبـازی تـوێژینەوە:** تـوێژینەوەیەکی وەسـفییە، جـۆری

ڕێبازی ڕووپێوییە، بۆ دیارکردنی ڕۆڵی ژن لە ڕادیۆ کوردییەکان و بێژەری وەک نموونە لە ڕادیۆکانی (دەنگی کوردستان، ڕادیۆی زاگرۆس). چونکە یەکێکە لە باوترین ڕێگەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە، کە ئەویش بەشێکە لە توێژینەوەی وەسفی و ئامانجی وێناکردن و شیکارکردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندی کۆمەڵێکی دیارکراوە، یان هەڵوێستێکی دیاریکراوە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە:** لە هەر توێژینەوەیەک توێژەر دەبێت دەستنیشانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بکات، تاکوو چوارچێوەی کاری توێژینەوەکەی دیار بێت، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیەش پێک دێت لە (دەنگی کوردستان و ڕادیۆ زاگرۆس).

**سێیەم: سامپڵی توێژینەوە:** ئامانجی هەموو توێژەرێک گەیشتنە بە ڕاستییەکان لەو کۆمەڵگایەی، کە توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی گروپێک، کە نوێنەرایەتیی ئەو ڕاستییانەی کۆمەڵگاکە بکات، ئەمە ناو دەبرێت بە (سامپڵی) نموونەی توێژینەوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا پێک دێت لە ژنانی بێژەر، کە ژمارەیان (٢٠) ژنە لە هەردوو ڕادیۆکانی (دەنگی کوردستان، ڕادیۆ زاگرۆس)، کە (٩) ژن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کار دەکەن و (١١) ژنیش لە ڕادیۆی زاگرۆس کار دەکەن، فۆڕمی ڕاپرسییان پێشکەش کراوە و ئەوانیش وەڵامی بڕگە و بەشەکانیان داوەتەوە. سەبارەت بە ئەرکیان و گرنگییان لەنێو دەزگاکاندا و ئەو گیروگرفتانەی دێنە پێشیان و تێڕوانینیان بۆ کارەکە، کە بێژەرایەتییە.

**چوارەم: بوارەکانی توێژینەوە:** بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی، بوارەکانی توێژینەوە لەمانەدا کورت دەبێتەوە، کە پێویستییەکی گرنگی لێکۆڵینەوەیە، ئەوانیش:

أ – بواری شوێن: شاری هەولێرە.

ب – بواری مرۆیی: (بێژەرە ژنەکانی دەنگی کوردستان" ڕادیۆ زاگرۆس)ە.

ج – بواری کات: کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە لە (١-٣-٢٠٢٣ تاکوو ١-٦-٢٠٢٣ ).

**پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە چەند ئامرازێکی بەکارهێناوە، بۆ ئەنجامدانی بوارە زانستییەکەی لەوانە:

– سەرچاوەی کتێب:

– فۆرمی ڕاپرسی: لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکار هاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و بریتییە لەو پرسیارانەی، کە پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەکە و ئاراستەی بێژەرانی ژن کراوە.

– سیستەمی کۆمپیوتەری: سیستەمی کۆمپیوتەر بەرەوپێشچوونێکی خێرا و گرنگی لەخۆ گرتووە، لە چوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە، زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گۆڕینیان بۆ شێوەی داتا. لەگەڵ بەکارهێنانی خشتەی نیشاندراو بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران.

**شەشەم: گۆڕاوەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە چەند گۆڕاوێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە بریتیین لە: گۆڕاوی سەربەخۆ: لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە (ڕۆڵی ژن).

گۆڕاوی جێکەوتە: بریتییە لە (بێژەری وەک نموونە).

حەوتەم: ڕێکارەکانی ڕواڵەتی ڕاستی و جێگیری:

–ڕواڵەتی ڕاستی Face Validity: لە گرنگترین ئەو کارانەیە، کە توێژەر لە کاتی هەڵبژاردنی ئامرازی توێژینەوەکەی بایەخی پێ دەدات، (عوض، ٢٠٠٨، ٢٤٩). چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە، کە زانیاری و داتای گونجاو بەدەستبهێنێت، کە یارمەتی توێژینەوە بدات، ئەمەش نایەتە دی تا ئامرازی توێژینەوەی ڕاست بەکار نەهێنێت.

– ڕواڵەتی ڕاستی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی بەکار هاتووە بۆ بێژەرە ژنەکانی ڕادیۆکانی (دەنگی کوردستان، ڕادیۆی زاگرۆس). بەر لەوەی ئەو فۆرمە بکرێتە بنەمای کارکردن دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە، کە لە (١٨) پرسیار پێک هاتبوو، بەم شێوەیەی کە لە پاشکۆی (١)دا خراوەتە

ڕوو بـۆ زیـاتر دەوڵەمەنـدکردن و ڕێکخسـتن و شـەنوکەوکردنی بڕگەکـان، فـۆڕمەکە ئاڕاسـتەی ژمـارەیەک لە پسـپۆڕان و شـارەزایانی بوارەکـانی ڕاگەیانـدن کـرا، ئەو پسـپۆڕ و شـارەزایانەی فۆڕمەکەیـان بینیـوە چەنـد تێبینییەکیـان بـۆ فـۆڕمەکە زیـاد کـردووە، کە تێکـڕای ڕەزامەنـدی پسـپۆڕان لەسـەر پرسـیار و بڕگەکانی نێو پرسیارنامەکە گەیشتە (٩١٪) کە ڕێژەیەکی گونجاوە.

– جێگیری: بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوە شێوازی دووبـارە تـاقیکردنەوە (Test Retest Reliability) بەکـار هێنـراوە بە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی پەیوەنـدیی وەڵامەکـان لە نێـوان دابەشـکردنی یەکەم تاقیکردنەوەی پێوەرەکە، کە بەسـەر (٩) یەکە لە نمونەی توێژینەوەکە دابەش کرابـوو، لەگەڵ دووەم تـاقیکردنەوەی پێـوەرەکە، کە دوای (٢٠) ڕۆژ بەسـەر (٦) یەکە دابەش کرابۆوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشـەی پەیوەسـتی (پێرسـۆن)، دەرکەوت، کە جێگیـری لە وەڵامەکانی تاکەکانـدا بە ئاسـتی (٠.٩٢)یە، کە ئەمە نیشـاندەری بـوونی پەیوەسـتێکی باشـە لە نێـوان وەڵامەکـانی تـاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمی پێوەرەکەدا.

**باسـی دووەم: خسـتنەڕووی لایەنـی پراکتیکـی تـوێژینەوە: ڕاپرسـی دەربـارەی ( ڕۆڵـی ژن لە ڕادیـۆ کوردییەکانـدا" بێـژەری وەک نمـوونە).** تـوێژینەوەیەکی ڕووپێـوییە بـۆ ڕادیۆکـانی ( دەنگـی کوردسـتان، ڕادیـۆی زاگرۆس).

خشتەی ژمارە (١) تەمەنی دەستنیشانکراوان نیشان دەدات

| تەمەن | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١٨ تا ٢٠ | ٦ | ٪٣٠ |
| ٢١ تا ٣٠ | ١١ | ٪٥٥ |
| ٣١ تا ٤٠ | ٢ | ٪١٠ |
| ٤١ تا ٥٠ | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

تەمەن:

لەبەر ئەوەی تەمەنی بەشداربووانی ڕاپرسی لە ٣٠٪ بێژەرەکان تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٠ ساڵیدایە و لە ٥٥٪ تەمەنیان لە نێوان ٢١-٣٠ ساڵیدایە و لە ١٠٪ تەمەنیان لە نێوان ٣١-٤٠ ساڵیدایە و ٥٪ تەمەنیان لە نێوان ٤١-٥٠ ساڵیدایە، کەواتە زۆربەیان گەنجن، کە لە بواری بێژەری کار دەکەن.

خشتەی ژمارە (٢) ئاستی خوێندەواری دەستنیشانکراوان دیار دەکات

| دەرچوو | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ناوەندی بۆ خوارەوە | ٥ | ٢٥٪ |
| ئامادەیی | ٦ | ٣٠٪ |
| پەیمانگا | ٤ | ٢٠٪ |
| کۆلێژ و بەسەرەوە | ٥ | ٢٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

ئاستی خوێندەواری:

لە بارەی پلەی خوێندەوارییان بێژەرەکان ٢٥٪ تا ناوەندی و بە خوارەوەیان خوێندووە. لە ٣٠٪ دەرچووی ئامادەیین، لە ٢٠٪ دەرچووی پەیمانگان و لە ٢٥٪ کۆلێژ و بەسەرەوەن. کەواتە دەتوانیین بڵێین تارادەیەک ئاستی خوێندەوارییان باشە، سێ بەشیان لە کۆلێژ و پەیمانگا و ئامادەییان خوێندووە.

خشتەی ژمارە (٣) ماوەی کارکردنی دەستنیشانکراوان نیشان دەدات

| ماوەی کارکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کەمتر لە پێنج ساڵ | ٨ | ٤٠٪ |
| ٦ تا ١٠ | ٦ | ٣٠٪ |
| ١١ تا ١٥ | ٢ | ١٠٪ |
| ١٦ تا ٢٠ | ٤ | ٢٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

ماوەی کارکردن:

ماوەی کارکردنیان بێژەرەکان لە ٤٠٪ کەمتر لە پێنج ساڵە کار دەکەن و لە ٣٠٪ شەش تا دە ساڵە کار دەکەن و١٠٪ یانزە تا پانزە ساڵە کار دەکەن و ٢٠٪ شانزە تا بیست ساڵە لەم بوارەدا کار دەکەن.

خشتەی ژمارە (٤)

هۆکارەکانی هاتنە ناو ڕاگەیاندن و کارکردن لەو بوارە لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات:

| هۆکارەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئارەزوو | ١١ | ٥٥٪ |
| ڕێککەوت | ١ | ٥٪ |
| هاندانی خێزان | ٣ | ١٥٪ |
| دەرچووی ئەو بوارە | ١ | ٥٪ |
| خراپیی باری ئابووری | ٣ | ١٥٪ |
| هۆکاری دیکە | ١ | ٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

هۆکارەکانی هاتنە ناو ڕاگەیاندن و کارکردن لەو بوارەدا:

بەپێی ئەو خشتەیە ٥٥٪ بە ئارەزووی خۆیان هاتوونەتە ناو بوارەکە و لە ٥٪ بە ڕێککەوت هاتووە و ١٥٪ هاندانی خێزان بووە، ٥٪ دەرچووی ئەو بوارەیە و ١٥٪ بەهۆی خراپی باری ئابووری هاتوون و ٥٪ لەبەر هۆی دیکە هاتوون. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوەش زۆر باشە ڕێژەیەکی زۆریان نیوە زیاتری بە ئارەزووی خۆیان هاتوون بۆ ئەو بوارە.

خشتەی ژمارە (٥)

هۆکاری هەڵبژاردنی بێژەری لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات

| هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بێژەری | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ڕێککەوت | ٢ | ٪١٠ |
| حەزی خۆم | ١٢ | ٪٦٠ |
| حەزیماڵەوە و برادەران | ١ | ٪٥ |
| کارگێریی ڕادیۆ ئەو بوارەی پێ دام | ٣ | ٪١٥ |
| توانای خۆم و شارەزاییم | ١ | ٪٥ |
| هۆکاری دیکە | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

هۆکاری هەڵبژاردنی بێژەری لە لایەن بەشداربووانەوە:

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بێژەری بەگوێرەی ئەو خشتەیە ١٠٪ بە ڕێککەوت هاتوون، لە ٦٠٪ بە حەزی خۆیان هاتوون، ٥٪ بە هۆی هاندانی ماڵەوە و هاوڕێیانی هاتوون و ١٥٪ کارگێریی ڕادیۆ ئەو بوارەی پێ داوە، ٥٪ بەهۆی شارەزایی و توانای خۆیان هاتوون، ٥٪ بە هەر هۆیەکی دیکەوە هاتوون. ئەوەش دەتوانیین بڵێین ڕێژەیەکی باشە، چونکە نیوە زیاتریان لە ٦٠٪ بە حەزی خۆیان هاتوون و ڕاگەیاندنیش حەزە بەر لەوەی زانست بێت.

خشتەی ژمارە (٦)

هەوڵدانی تواناکانی بێژەر نیشان دەدات لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خول

| بەشداریکردن لە خولی بێژەری | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ٪٣٥ |
| نەخێر | ١٣ | ٪٦٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

هەوڵدانی تواناکانی بێژەر لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خول:

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیاری بەشداریت کردووە لە خولی بێژەری، بۆ بەشداریکردنیان لە خولی بەهێزکردنی بێژەری لە ٣٥٪ دەڵێن بەڵێ و لە ٦٥٪ دەڵێن نەخێر بەشداریی خولمان نەکردووە، کە ئەوەیان دەتوانم بڵێم باش نییە و دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، چونکە ڕێژەیەکی زۆریان خولیان نەبینیوە.

خشتەی ژمارە (٧)

جۆری ئەو خولانەی کە بەشداربووان بینیویانە نیشان دەدات

| جۆری خول | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تایبەت بە دەنگ | ٠ | ٪٠ |
| شێوازی خوێندنەوە | ١ | ٪١٤،٢ |
| ئەدا | ٠ | ٪٠ |
| بەرزی و نزمیی فۆنەتیک | ٠ | ٪٠ |
| خوێندنەوەی هەواڵ | ٠ | ٪٠ |
| چۆنیەتیی پێشکەشکردنی بەرنامە | ١ | ٪١٤،٢ |
| بواری ڕۆشنبیری | ٥ | ٪٧١،٤ |
| کۆی گشتی | ٧ | ٪٩٩،٨ |

جۆری خول: بۆ بەشداریکردن لە جۆری خول ٪٧١،٤ بەشداری خولی ڕۆشنبیری کردووە و لە ٪١٤،٢ بەشداری لە خوولی شێوازی خوێندنەوە و لە ٪١٤،٢ بەشداری لە خوولی پێشکەشکردنی بەرنامە کردووە، ئەوەش ڕێژەیەکی نزمە و زۆر خراپە، ناکرێت گەشبین بین.

خشتەی ژمارە (٨)

هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی خول لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات

| هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لە خول | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەبوونی خول لەو بوارە | ٥ | ٣٨،٤٪ |
| نەبوونی کات | ٤ | ٣٠،٧٪ |
| ڕێگەنەدانی بەرپرسانی دەزگا | ٢ | ١٥،٣٪ |
| کەمتەرخەمی خۆم | ٠ | ٠٪ |
| نا پسپۆری بەڕێوەبەرانی خول | ١ | ٧،٦٪ |
| لاوازی خولەکان و بەرنامەیان | ١ | ٧،٦٪ |
| کۆی گشتی | ١٣ | ٩٩،٦٪ |

هۆکاری بەشدارینەکردن لە خول:

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیاری هۆکارەکانی بەشدارینەکردن لە خول، ٣٨،٤٪ پێی وایە نەبوونی خول لەو بوارە هۆکارە و ٣٠،٧٪ دەڵێت کات نییەو ١٥،٣٪ دەڵێت بە هۆی ڕێگەنەدانی بەرپرسانی دەزگا، ٧،٦٪ هۆکاری بەشدارینەکردنیان بۆ ناپسپۆری بەڕێوەبەرانی خول و ٧،٦٪ بۆ لاوازی خولەکان و بەرنامەیان دەگێڕنەوە.

خشتەی ژمارە (٩)

شوێنی خولی بەشداربووان نیشان دەدات

| شوێنی بەشداریکردنی خول | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ناوخۆی هەرێم | ٧ | ١٠٠٪ |
| دەرەوەی هەرێم | ٠ | ٠٪ |
| کۆی گشتی | ٧ | ١٠٠٪ |

شوێنی خول:

خۆی لە ١٠٠٪ ئەو بێژەرانەی بەشداری خولیان کردووە، لە ناوخۆی هەرێم خولەکەیان بینیوە و خولی لەم شێوەیان لە دەرەوەی هەرێم نەبینیوە.

خشتەی ژمارە (١٠)

ئاستەنگەکانی پێشکەوتنی ژن لە ڕاگەیاندن نیشان دەدات

| ئاستەنگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| حیزب | ٢ | ١٠٪ |
| دەسەڵات | ١ | ٥٪ |
| پیاوان | ٣ | ١٥٪ |
| ژنانی هاوکار | ٣ | ١٥٪ |
| کۆمەڵگە | ٧ | ٣٥٪ |
| خێزان | ٢ | ١٠٪ |
| کەمتەرخەمی خۆم | ٠ | ٠٪ |
| هۆکاری دیکە | ٢ | ١٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

ئاستەنگەکانی پێشکەوتنی ژن لە ڕاگەیاندن:

حیزب لە ١٠٪ بۆتە ئاستەنگ و دەسەڵاتیش ٥٪، پیاوان ١٥٪، ژنانی هاوکار ١٥٪، کۆمەڵگا ٣٥٪ و خێزان ١٠٪، هۆی دیکەش ١٠٪ ئەوەش مانای وایە کۆمەڵگا و پیاوان و تەنانەت ژنانی هاوکاریش بوونەتە ڕێگر.

خشتەی ژمارە (١١)

گرنگیی ژن لە لایەن بەشداربووانەوە لەو ڕادیۆیەی کە کاری تێدا دەکەن نیشان دەدات

| گرنگی ژن لە ڕاگەیاندن | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤ | ٧٠٪ |
| نەخێر | ٦ | ٣٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

گرنگی ژن لە ڕادیۆ:

لێرەدا لە ٧٠٪ دەڵێن بەڵێ ئەو ڕادیۆیەی کە کاری تێدا دەکەم ژن تێیدا گرنگی هەیە و لە ٣٠٪ دەڵێت نەخێر ژن تێیدا بایەخی نییە. ئەوانەی کە

گوتویانە ژن تێیدا بایەخی هەیە دەڵێن، چونکە کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن، ڕێگریمان نییە، پیاو و ژن تەواو کاری یەکترن لە جێبەجێکردنی کارەکان و بوونی ژن بە گرنگ دەزانن. بایەخمان پێ دەدەن.

**هۆکاری نەبوونی گرنگیی ژن:**

لە ٣٠٪ بێژەرەکان دەڵێن ژن لەو ڕادیۆیەی کە کاری تێدا دەکەین گرنگی نییە، چونکە نەگەیشتووەتە هیچ پلەیەک و هەر تەنها بێژەرە و بەس، لە ژێرەوەی هەرەمەکەدایە و هیچ پلەیەکی بەرزی نییە.

خشتەی ژمارە (١٢)

پێشنیاز بۆ پێشخستنی بواری بێژەری لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات

| پێشنیاز | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کردنەوەی خول | ٧ | ٪٣٥ |
| کردنەوەی بەشی تایبەت بە بواری بێژەری | ٨ | ٪٤٠ |
| سەنتەری تایبەت | ٤ | ٪٢٠ |
| پێشنیازی دیکە | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

پێشنیاز بۆ پێشخستنی بواری بێژەری:

لە ٣٥٪ پێیان وایە خول بکرێتەوە، ٤٠٪ دەڵێت بەشی تایبەت بە بێژەری بکرێتەوە، ٢٠٪ داوای کردنەوەی سەنتەری تایبەت بەم بوارە دەکەن، ٥٪ پێشنیازی دیکە دەکات.

خشتەی ژمارە (١٣)

بەرەوپێشچوونی ژن لە بواری بێژەری لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات

| بەرەوپێشچوون لە بواری بێژەری | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨ | ٪٩٠ |
| نەخێر | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

بەرەوپێشچوونت لە بواری بێژەری:

بۆ وەڵامی ئەوەی کە لەو کاتەوەی دەستت بە بێژەری کردووە، تاکوو ئێستا هەست بەوە دەکەی، کە بەرەوپێشچوویت. ٪٩٠ دەڵێت بەڵێ هەست بە پێشکەوتن دەکەم و لە ٪١٠ دەڵێن نەخێر هەست بە بەرەوپێشچوون ناکەین. کە ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە ڕێژەیەکی زۆریان پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە.

خشتەی ژمارە (١٤)

هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی بەشداربووان لەو بوارە نیشان دەدات

| هۆکارەکانی بەرەوپێشچوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ڕاهێنان بە تێپەربوونی کات | ٨ | ٪٤٤،٤ |
| بەشداریکردن لە خول | ٧ | ٪٣٨،٨ |
| گوێگرتن لە هاوکارەکانی دیکە و شکاندنی ترس و شەرم | ١ | ٪٥،٥ |
| هۆکاری دیکە | ٢ | ٪١١،١١ |
| کۆی گشتی | ١٨ | ٪٩٩،٨١ |

هۆکارەکانی بەرەوپێشچوون لەم بوارە:

ڕاهێنان بە تێپەربوونی کات ٪٤٤،٤، بەشداریکردن لە خول ٪٣٨،٨ و گوێگرتن لە هاوکارەکانی دیکە و شکاندنی ترس و شەرم ٪٥،٥ و هۆکاری دیکە ٪١١،١١.

خشتەی ژمارە (١٥)

هۆکارەکانی بەرەوپێشنەچوونی بەشداربووان لەو بوارە نیشان دەدات

| هۆکارەکانی بەرەوپێشنەچوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەبوونی خول | ١ | ٪٥٠ |
| کەمتەرخەمیی بێژەر | ٠ | ٪٠ |
| نەشارەزایی و نەبوونی پسپۆڕی لەو بوارە | ١ | ٪٥٠ |
| ململانێی هاوکاران | ٠ | ٪٠ |
| ڕێگەگرتن | ٠ | ٪٠ |
| هۆکاری دیکە | ٠ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ٢ | ٪١٠٠ |

هۆکارەکانی بەرەوپێشنەچوون :

سەبارەت بەوەی کە هۆکارەکانی بەرەوپێشنەچوون بۆچی دەگەڕێتەوە ئەوە ٥٠٪ بۆنەبوونی خول و نەشارەزایی و ٥٠٪ بۆ نەشارەزایی نەبوونی پسپۆڕی لەم بوارە دەیگەڕێننەوە.

خشتەی ژمارە (١٦)

ڕەچاوکردنی پسپۆڕیی لە بواری بێژەری لە لایەن بەشداربووانەوە نیشان دەدات

| ڕەچاوکردنی پسپۆڕی لە بواری بێژەری | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| زۆر گرنگە | ١٠ | ٪٥٠ |
| کەم گرنگە | ٣ | ٪١٥ |
| تا ڕاددەیەک گرنگە | ٦ | ٪٣٠ |
| پێویست نییە | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

ڕەچاوکردنی پسپۆڕی لە بواری بێژەری:

٥٠٪ دەڵێت زۆر گرنگە، ١٥٪ پێی وایە کەم گرنگە و ٣٠٪ دەڵێن تاڕاددەیەک گرنگە، ٥٪ دەڵێ پێویست نییە. بۆ ئەو برگەیەش دەتوانم بڵێم

باشە نیوەی بڕوای بەوە هەیە، کە زۆر گرنگە.

خشتەی ژمارە (١٧)

جیاوازیی نێوان بێژەری کوڕ و کچ لە لایەن بەشدار بووانەوە نیشان دەدات

| جیاوازیی نێوان بێژەری کور و کچ | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩ | ٤٥٪ |
| نەخێر | ١١ | ٥٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٠٠٪ |

جیاوازیی نێوان بێژەری کوڕ و کچ:

سەبارەت بە بوونی جیاوازی لە نێوان بێژەری کوڕ و کچ ٤٥٪ دەڵێن بەڵی جیاوازی دەکرێت و ٥٥٪ دەڵێت نەخێر جیاوازی ناکرێت ئەوەش مایەی هەڵوەستەلەسەرکردنە، چونکە نزیکەی نیوەیان دەڵێن جیاوازی دەکرێت ئەو ڕێژەیەش زۆرە و کەم نییە دەبێت بزانرێت هۆکاری جیاوازییەکە چییە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

خشتەی ژمارە (١٨)

جۆری جیاوازییکردنەکە لە ناو دەزگاکان نیشان دەدات

| جۆری جیاوازی کردنەکە | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| مووچە | ٢ | ٢٢،٢٪ |
| کاتی دەوام | ٠ | ٠٪ |
| پلەی وەزیفی | ٢ | ٢٢،٢٪ |
| جیاوازی بە هۆی ڕەگەزەوە | ٢ | ٢٢،٢٪ |
| پیاو چالاکترە لە ژن | ١ | ١١،١٪ |
| بە هۆی جوانی ڕوخساری ژن | ٠ | ٠٪ |
| هۆکاری دیکە | ٢ | ٢٢،٢٪ |
| کۆی گشتی | ٩ | ٩٩،٩٩٪ |

**جیاوازیکردنەکە لە چ ڕوویێکەوەیە:**

زۆربەیان بۆ مووچە و پلەی وەزیفی و ڕەگەز و هۆکاری دیکەی دەگەڕێننەوە، ١١،١٪ دەڵێت پیاو چالاکترە لە ژن.

**لە کۆتاییدا:** پێویستە بێژەران زیاتر هان بدرێن، تەنانەت خودی بێژەرەکانیش خۆیان لە هەوڵدان دابن، پێشڤەچوون لەو بوارە بکەن، چونکە بیسەر پشت بە بێژەرەکان دەبەستن لە وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری ڕادیۆیی، وەک سەرچاوەیەکی گرنگ. هەموو کەسێکیش ناتوانێت ببێت بە بێژەر و بێژەریش کارێکی ئاسان نییە. بۆیە پێویستە ڕۆڵی بێژەر بەتایبەت( بێژەرە ژنەکان) لە دەزگاکانی ڕادیۆیی بە بایەخەوە سەیر بکرێت و بەهەند وەربگیرێت.

**ئەنجامی توێژینەوە:** لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە و گەڕانەوەی فۆڕمەکانی ڕاپرسی و وەڵامەکانیان گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە دەتوانیین بە هۆیەوە وەڵامی کێشە و پرسیارەکانی ئەو توێژینەوەیە بدەینەوە.

١-بێژەرانی ژن، ڕەگەزێکی سەرەکی ڕادیۆن و بە نەبوونی ژنانی بێژەر ڕادیۆ وەکوو شەکەت و جەستەیەکی بێ ڕۆح وایە.

٢-بێژەرانی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاستی خوێندەوارییان باشە، زۆرینەیان دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژن.

٣-بێژەرانی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرینەیان گەنجن و بە ئارەزووی خۆیان هاتونەتە ئەو بوارە.

٤-ڕەچاوکردنی پسپۆڕی لە بواری بێژەری زۆر گرنگە و لەنێو دەزگاکان بایەخی پێ دراوە.

٥- تاکوو ئێستا لەناو دەزگا ڕادیۆییەکان ژن نەگەیشتووەتە لوتکەی بڕیاردان و بەرپرسیارێتی وەرنەگرتووە.

٦-بە گشتی بێژەری ڕادیۆ کوردییەکان وەکوو پێویست، بەشداری خولیان نەکردووە، بۆ پەرەپێدانی بواری بێژەری و ئەدای دەربڕینی وشە و تەکنیکی کارکردن لەو بوارەدا.

**ڕاسپاردە:**

هونەری بێژەری بە بەراورد بە هونەرەکانی دیکەی بواری ڕاگەیاندن و ژانرەکانی ڕاگەیاندن بایەخی زۆر زیاترە و دەبێت بە زانستی بکرێت و لە زانکۆ و پەیمانگاکان وانەی پراکتیکی تایبەت بەو هونەرە هەبێت.

ڕەخساندنی دەرفەت و بایەخدان بە بێژەرانی ژن لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

٣- ڕێزگرتن لەو پیشەیە لە لایەن خودی بێژەر و کارمەندان و هاوکاران و کۆمەڵگاوە، چونکە کارێکە و بە نەبوونی ڕادیۆ پەکی دەکەوێت.

٤- بێژەرەکان بڕوایان بەمانەوە و بەردەوامی داهاتووی خۆیان هەبێت و دەستبەرداری کارەکە نەبن.

پێشنیاز:

١-جیاوازی نەکرێت لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە نێوان بێژەری ژن و بێژەری کوڕ.

٢-بەڕێوەبەرایەتیی ڕادیۆ بایەخی تەواو بە کارمەندەکانی بدات بە تایبەت بێژەر، دەبێت ماوەماوە خولی پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ بکرێتەوە و گەشە بەو کارە بدرێت.

## سەرچاوەکان:

**کتێبە کوردییەکان:**


- ڕدێنی، وەسفی حەسەن (٢٠٠٥)، ئێزگە و تەلەفزیۆنێت کوردی، (١٩٣٢-٢٠٠٢)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- حەسەنی شەیدا (٢٠٠٢)، هونەری بێژەری لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، وەرگێرانی باسیت حەمە کەریم، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سالح و پەناهی، بەدرەدین – فاتیمە (٢٠٠٧)، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی پەروەردە،
- عەبدول، نوخشە (٢٠٠٧)، ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشووری کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون
- عەبدولکەریم، حەسەن (٢٠٠٧)، ڕابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێیەمدا، هەولێر،

چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- میخایلۆڤ، د. سێرگێی، سەپان، د. مەغدید (٢٠٢٠)، پەخشی ڕادیۆی کوردی. هەولێر، خانەی موکریان.

**کتێبە عەرەبییەکان:**

- عبدالقادر دليمي، (بدون سنة نشر)، الاذاعة بين الحرفية والاتصال، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.
- محمود الفهمي (٢٠٠٢)، كتاب الفن الاذاعي، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية،
- ناهد رمزى (٢٠٠١)، المرأة والاعلام فى عالم متغير، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية،

گۆڤارەکان:

- حەمەرەشید و مستەفا، بەناز، تەلار ئەحمەد (٢٠١٦)، پێگەی ژن لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، گۆڤاری ڕاپەرین،
- جەباری، ئەسعەد (٢٠٠٩)، کوا بێژەری سەرکەوتوو؟ گۆڤاری هەفتەنامە، سلێمانی، ژمارە ٦٧.
- سارمەمی، تاریق جەوهەر(٢٠٠٤)، بێژەری کورد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا، گۆڤاری ڕایەن، سلێمانی.
- شوکری، فەهمی (٢٠١٠)، هونەرێ گۆتنێ ل جەم بێژەرو هونەرمەندان، ڕۆژنامەی هەولێر، بەشی هونەری، ژمارە ٢٢، هەولێر.
- مەنسور، برزۆ ئیسماعیل (٢٠١٠)، بێژەری تەلەفزیۆنی کێیە؟ گۆڤاری ڕۆژنامەوان.

نامەی ماستەر:

- ڕەشید، چیمەن محمد (٢٠٠٩)، گرفتە پیشەییەکانی ژنانی ڕۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستان، (ماستەرنامە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.
- کاکەسوور، نادیە عومەر (٢٠٠٤)، ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، (ماستەرنامە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی.
- نصرالدین، هەرمن شێرکۆ (٢٠١٥)، فشارە پیشەییەکانی سەر ڕاگەیاندنکاری ئافرەت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، (ماستەرنامە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب. بە شی ڕاگەیاندن،
- خلود ماهر محمود (٢٠١٢)، "الصور الإعلامية للرجل والمرأة في الصحافة العربية المتخصصة وعلاقتها بالأدوار المجتمعية لكل منهما: دراسة تحليلية ميدانية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، قسم الصحافة.

## پاشکۆی ژمارە (١)

### فۆڕمی ڕاپرسی

ڕاگەیاندکاری بەڕێز، ئەو ڕاپرسییەی کەوا لەبەردەستتدایە، لە بواری ڕاگەیاندن لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ژن لە ڕادیۆ کوردییەکاندا، بێژەری وەک نموونە)" وەڵامدانەوەی بە گوێرەی پێویست و بە شێوەیەکی ڕاستگۆیی دەبێتە هۆیەک بۆ دەرئەنجامێکی باش و گەیشتن بە نیشاندانی خاڵە لاوازەکان و زەقکردنەوەیان. لە توێژینەوەیەکی زانستی ئەکادیمیدا، بە هیوای دروست وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

تێبینی: نیشانەی ڕاست لەبەردەم ئەو هەڵبژاردەیە دابنێ، کە تۆ تێیدایت. دەتوانییت لە هەڵبژاردەیەک زیاتر پڕ بکەیتەوە:

١- تەمەن: ١٨- ٢٠ ☐ ٢١ - ٣٠ ☐ ٣١ - ٤٠ ☐ ٤١ تا ٥٠ ساڵ ☐

٢-دەرچوو: ناوەندی و بە خوارەوە ☐ ئامادەیی ☐ پەیمانگا ☐ کۆلێژ و بەسەرەوە ☐

٣-ماوەی کارکردن: کەمتر لە پێنج ساڵ ☐ ٦ تا دە ساڵ ☐ ١١تا ١٥ ساڵ ☐ ١٦ تا ٢٠ ساڵ ☐

٤- هۆکارەکانی هاتنە ناو بواری ڕاگەیاندن و کارکردن لەو بوارە:

ئارەزوو ☐ ڕێککەوت ☐ هاندانی خێزان ☐ دەرچووی ئەم بوارەم ☐

خراپی باری ئابووری ☐ هۆکاری دیکە ☐

٥- بۆچی بێژەرییت هەڵبژارد:

ڕێککەوت ☐ حەزی خۆم ☐ حەزی ماڵەوەوبرادەران ☐ کارگێڕیی ڕادیۆ ئەو بوارەی پێدام ☐ توانای خۆم و شارەزاییم ☐ هۆکاری دیکە ☐

٦- ئایا هەوڵت داوە تواناکانت لەو بوارە بەگەڕ بخەی، بەشداری خولی تایبەت بە بێژەریت کردووە، بەڵێ: ☐ نەخێر ☐

٧- ئەگەر بەشداری خولت کردووە چ جۆرە خولێک؟

تایبەت بە دەنگ ☐ شێوازی خوێندنەوە ☐ ئەدا ☐ بەرزی و نزمـــی و فۆنەتیــک ☐ خوێنـــدنەوەی هەواڵ ☐ چـــۆنیەتیی پێشکەشکردنی بەرنامە ☐ بواری ڕۆشنبیری ☐

٨- ئەگەر بەشداری خولت نەکردووە هۆکاری چی بووە؟

نەبـوونی خـولی لەو شـێوەیە ☐ نەبـوونی کـات ☐ ڕێگەنەدانـی بەرپرسانی دەزگا ☐ تەرخەمی خۆم ☐ ناپسپۆری بەڕێوەبەرانی خولەکە ☐ لاوازیی خولەکان و بەرنامەیان ☐

٩- ئەگەر بەشداری خوولت کردووە خولەکە لەکوێ بووە؟

ناوخۆی هەرێم ☐ دەرەوەی هەرێم ☐

١٠- بە ڕای تـــۆ ئاســـتەنگەکانی بەردەم پێشـــکەوتنی ژن لە بـــواری ڕاگەیاندن چین؟

حیــزب ☐ دەســەڵات ☐ پیــاوان ☐ ژنــانی هاوکــار ☐ کۆمەڵگا ☐ خێزان ☐ کەمتەرخەمی خۆت ☐ هۆکاری دیکە ☐

١١- بەڕای تـۆ ئەو ڕادیـۆیەی کە کـاری تێدا دەکەیـت ژن تێیـدا ڕۆڵـی هەیە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٢- پێشنیازی چی دەکەی بۆ پێشخستنی بواری بێژەری؟

کردنەوەی خـول ☐ کـردنەوەی بەشـی تـایبەت بە بـواری بێژەری ☐

سەنتەری تایبەت بەم بوارە ☐ پێشنیازی دیکە

_______________________________________________

_______________________________________________

_______________________________________________

١٣- ئەو کاتەی کە دەستت بە کار کرد لە بواری بێژەری تاکوو ئێستا، هەست بە خۆت دەکەیت کە بەرەو پێش چوویت؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٤- ئەگەر بەرەوپێشچوونت هەبووە بە هۆی چییەوە بووە؟

ڕاهێنانی خۆت و بە تێپەربوونی کات ☐ بەشداریکردنت لە خول ☐ گوێگرتن لە هاوکارەکانی دیکە و شکاندنی ترس و شەرم ☐ هۆکاری دیکە ☐

١٥- ئەگەریش هەست دەکەی بەرەوپێشچوونت نەبووە بە هۆی چییەوە بووە؟ نەبوونی خول کەمتەرخەمیی خۆت ☐ نەشارەزایی و نەبوونی پسپۆریت لە بواری بێژەری ململانێی هاوکارانت ☐ ڕێگە گرتن ☐ هۆکاری دیکە ☐

١٦- ڕەچاوکردنی پسپۆری لە بواری بێژەری تا چەند گرنگە؟

زۆر گرنگە ☐ کەم گرنگە ☐ تا ڕاددەیەک گرنگە ☐ پێویست نییە ☐

١٧- لەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکەی جیاوازی دەکرێت لە نێوان بێژەری کور و کچ؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٨- ئەگەر جیاوازی هەیە لە چ ڕوویێکەوە:

مووچە ☐ کاتی دەوام ☐ پلەی وەزیفی ☐ جیاوازی بە هۆی ڕەگەزەوە ☐ پیاو چالاکترە لە ژن ☐ لەبەر جوانیی ڕوخساری ژن ☐ هۆکاری دیکە ☐

**ملخص:**

**دور المرأة في الاذاعات الكوردية (المذيعة كنموذج)**

**(دراسة مسحية في الاذاعات، صوت كوردستان واذاعة زاكروس)**

لان هذا البحث هو محاولة للتعرف على دور وتأثير ومكانة المرأة في الإعلام، فقد جرت محاولات لعرض تأثير دور المرأة ومكانتها وحياتها في ضوء الوضع الاجتماعي والسياسي في الإعلام. هذا وعلى الرغم من وجود اختلافات بين الرجل والمرأة حسب الطبيعة والمعايير الاجتماعية والقدرات الإنسانية، إلا أن المرأة كجنس بشري عبر المراحل التاريخية كانت لها الدور الفاعل وشاركت في تكوين الحضارة الإنسانية، وخصائص حياة المرأة هي التي تحدد ذلك المستوى. ولذلك فإن ما حفز البحث في هذه القضية هو حالة عدم اظهار المكانة والدور الخفيين للمرأة في وسائل الإعلام بشكل عام والإعلام المسموع (الراديو) على وجه الخصوص.

**كلمات الدالة**: المرأة ، الاذاعات الكوردية ، المذيعة الاذاعية .

## Abstract:

**The role of women in Kurdish Radios, announcers as an example, A survey research for radio stations (Voice of Kurdistan, Radio Zagros)**

The research illustrates and identifies, the role, influence and position of women in the field of media . Therefore, in this research attempted to present the impact of women , their position and their life ،and because of the social and political situations that women have in the media. However, there are differences between men and women according to nature, social standards and human abilities,but women as a human race throughout the historical stages have had a role and participated in the formation of human civilization, that characteristics of women will determine that level of their influence in the history of humanity. To sum up , the motivations of the research are the secret and hidden of women’s position and their role in the media in general and the audio media in particular.


**Keywords**: Women, Kurdish Radios, Radio Announcer.